**وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی**
**ژمارە : ٢٦٥٥ لە ٢٠٢١/٦/١٥**

پاڵپشت بەناوەرۆکی مادده (٦) بڕگە (٢)ی لە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠١٠، و لەبەر رۆشنایی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ ی هەمواركراو بە بریاری ژمارە (٦٤)ی ساڵی ٢٠٠٤، بە مەبەستی رێکخستنەوەی کاری ئەو کۆمپانیایانەی لە فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە بەغداد تۆمارکراون و دەیانەوێت لقی کۆمپانیا بکەنەوە و متمانەی بەراییەکانی کۆمپانیا لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەربکەن، ئەم رێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**رێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢١**
**رێنمایی لقی کۆمپانیاکانی بەغداد**

١- پێویستە پشتگیری فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە بەغداد بێنن لەگەڵ پەسەندکردنی سەرجەم سەرەتاکانیان.
٢- لە ماوەی دوو مانگی سەرەتای هەموو ساڵێک پشتگیری فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە بەغداد بێنن بۆ دڵنیابوونەوە لە بەردەوامی کۆمپانیا لە رووی یاسایی.
٣- ئەو کۆمپانیایەی لە هەرێم کاردەکات بەپێی بڕگە و ماددەکانی ئەم رێنماییە کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆی نییە، بەڵکو نوێنەری کەسایەتی مەعنەوی کۆمپانیای تۆمارکراوی بەغدایە.
٤- ئەو کۆمپانیایەی ئەم رێنماییە دەیگرێتەوە، پابەند دەکرین بە جێبەجێ کردنی یاسا و رێنماییە بەرکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی کۆمپانیاکانی دامەزراو لەهەرێمی کوردستان.
٥- پێشکەشکردنی گرێبەستی خانووی پەسەندکراو یان تاپۆی موڵک بەناوی کۆمپانیای دایک بۆ شوێنی بارەگای لق.
٦- نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکرێت لە هەرگۆرانکاریەک دەکرێت سەبارەت بە شوێنی نووسینگەی سەرەکی کۆمپانیا و گۆڕینی بەرێوەبەری لق و هەرگۆرانکاریەک لە گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیا دەکرێت.
٧- پێویستە لقی کۆمپانیا دۆسیە لە فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و باجی تایبەتمەند بکاتەوە دوای دەرچوونی بڕیاری رەزامەندی کردنەوەی لق.

٨- لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری کردنەوەی لق پێویستە دوایین ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیای دایک پێشکەش بکات.

٩- دانان و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی بەرێوەبەری لق بە کۆنووسێکی پەسەندکراو.

١٠- کار بە هیچ رێنماییەک ناکرێت کە پێچەوانەی ئەم رێنماییە بێت.

١١- ئەم رێنماییە کاری پێدەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ، وە لە (وەقایعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.

**کمال مسلم**
**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**هۆکاری دەرچواندنی ئەم رێنماییە**

رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەلومەرجێکی تایبەت دەرکراوە کە ناگونجێت لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا و پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ. هەروەها ئاستەنگێکی زۆری دروستکردووە لەبەردەم کۆمپانیاکانی بەغدا کە دەیانەوێت وەبەرهێنان لە کوردستان ئەنجام بدەن. وە بەمەبەستی مامەڵەی هاوشێوە کە فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی بەغداد لەگەڵ کۆمپانیاکانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان دەیکات بۆ کردنەوەی لق و پێدانی متمانەی بەراییەکانی کۆمپانیا، ئەم رێنماییە دەرچوێندرا.